# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## راپۆرتی سیازدەهەم: چۆنیەتی دانانی بەڕێوبەری قوتابخانەکان، کێشەو چارەسەرەکان

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٨**

١/١١/٢٠١٨

# ناوەرۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| ٤ | پێشەکی |
| ٥ | کارنامەی یەکە |
| ٦ | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| ٨ | ١. دەستپێک |
| ٩ | ٢. بەڕێوبەرانی ناوەندەکان چۆن باسی کارەکەیان دەکەن؟ |
| ١١ | ٣. بۆچی مامۆستایان پۆستی بەڕێوبەری وەرناگرن؟ |
| ١١ | ٤. کەمی رێژەی بەڕێوبەری ژن |
| ١٢ | ٥. گرفتی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە دەرەوەی شارەکان |
| ١٣ | ٦. رای بەڕێوبەری ناوەندەکان لەسەر زۆری مانەوەیان لە پۆستەکانیان |
| ١٤ | ٧. مامۆستایان چۆن باس لە توانای بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن دەکەن لە روی ئیدارییەوە؟ |
| ١٦ | ٨. رای مامۆستایان لە بارەی مانەوەی بەڕێوبەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر |
| ١٨ | ٩. چارەسەر چیە بۆ ئەوەی بەڕێوبەران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ناوەندەکان خوێندن بن؟ |
| ١٩ | ١٠. رۆڵی ئینتیمای حزبی لە دانانی بەڕێوبەرەکان |
| ٢١ | ١١. بۆچونی بەرێوەبەرەکان لەسەر دەستێوەردانی حزب |

| | |
|---|---|
| ١٢. بۆچونی لایەنی پەیوەندیدار بە دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکان لەسەر دەستێوەردانی حزبی | ٢٢ |
| ١٣. چۆنیەتی بەڕێوبردنی ناوەندەکانی خوێندن لە دیدی شارەزایەکی کارگێڕییەوە | ٢٣ |
| ١٤. داتا | ٢٤ |
| ١٥. رای بەڕێوبەرانی پەروەردە و سەرپەرشتیاران لەسەر هۆکاری مانەوەی بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن بۆ ماوەیەکی زۆر | ٢٦ |
| بەشی سێیەم: راسپاردە | |
| راسپاردەکان | ٢٨ |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دووەم: ڕاپۆرت

## ١. دەستپێک

تاوەکو ئێستا پێوەرێکی دیاریکراو نیە بۆ دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن، ئەو پێوەرەش چ لە ڕێگە هەڵسەنگاندنەوە بێت یاخود لە ڕێگەی تاقیکردنەوە، یان دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ بەڕێوبەری ناوەندەکان و ئەوانەشی کە دانراون بۆ ماوەیەکی زۆر لەو پۆستە دەمێننەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ پاداشتێک یان سزایەک هەبێت لە بەرامبەر ئەو کارانەی کە دەیکەن لە ناوەندەکانی خوێندن.

هەروەها باس لەوە دەکرێت ئەو بەڕێوبەرانەی کە لە ناوەندەکان دانراون لە سەر ئینتیمای حزبی دانراون یان بەبێ بونی هیچ پێوەرێک ئەو بەڕێوبەرانە دادەنرێن و کار بۆ ڕێکخستنەوەی شێوازی دانانی بەڕێوبەریش نەکراوە، هەروەک یاسایەک نیە بۆ ڕێکخستنەوەیان لە وەزارەتی پەروەردە، ئەمەش وا دەکات کۆمەڵێک گرفت لەو ڕووەوە هەبێت و لایەنی ئیداری پەرەی پێنەدرێت.

بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار و کفری بۆ ساڵی (٢٠١٨- ٢٠١٩) ژمارەی بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن بە هەردو قۆناغی ئامادەیی و بنەڕەتی بەم شێوەیە:

| پەروەردەکان | بەڕێوبەری ناوەندەکان |
|---|---|
| کەلار | ٢٢٥ |
| کفری | ٦٧ |

**٢. بەڕێوبەرانی ناوەندەکان چۆن باسی کارەکەیان دەکەن؟**

بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن باس لە کیشە و گرفتەکانیان دەکەن کە لە ناوەندەکان بەهۆی کاری بەڕێوەبردنی ناوەندەکان روبەڕویان دەبێتەوەو جەخت لە گرنگی نەدانی پەروەردە بە خولی ئیداری دەکەن کە خولیان بۆ ناکەنەوە.

لوقمان ئەحمەد محەمەد، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "بۆ ماوەی (٦) ساڵە بەڕێوبەرم، کاری ئێمە لە ناوەندەکان بەڕێوەبردنی ئەو ناوەندەیە بە هەمو کارەکانییەوە، لەگەڵ ئەوەش شارەزایم لە کۆمپیوتەر ئەوەیە کارەکانی پێ رایی دەکەم".

وتیشی: بەشێکی زۆری بەڕێوبەرەکان باشن، بۆ ئەوەی ناوەندەکانی تریش باشبن پێویستە ئەو بەڕێوبەرانە بگوازرێنەوە بۆ ناوەندەکانی دیکە، هەروەها نەکردنەوەی خولیش کاریگەری خراپی دەبێت، چونکە ئەو بەڕێوبەرانەی کە ئەزمونیان نیە و خولیان بۆ ناکەنەوە توشی هەڵەی ئیداری دەبن.

بەڕێوبەری بەشێک لە ناوەندەکان دەڵێن کە ئەو پۆستەیان وەرگرتوە لە سەر توانا و ئەزمونی خۆیان بوە کە پێشتر کاری یاریدەدەرییان کردوە.

غازی عەلی محەمەد، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (حەپسەخانی نەقیب)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "من بۆ ماوەی (٢٠) ساڵە بەڕێوبەرم هەتاوەکو لەو پۆستە بمێنیتەوە باشترە، چونکە ئەزمون پەیدا دەکەی و شتی زیاتر دەبینیت".

وتیشی: زۆر خولم بینیوە و پێویستە هەمو ساڵێک خولی ئیداری بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەڕێوبەرەکان پەرە بە توانای خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی بەردەوام لە نوێگەری بن، بەتایبەت ئەوانەی کە تازە بون بە بەڕێوبەر، لەگەڵ ئەوەش شارەزایم باشە لە کۆمپیوتەر.

بەشێک لە بەڕێوبەران دان بەوەدا دەنێن کە بە کەمترین کات لە کاری بەڕێوبەری بێزاربون، بەڵام ناگۆڕدرێن.

حسێن محەمەد حەسەن، پسپۆڕی کوردی و بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری دەڵێت: "بۆ ماوەی (٦) ساڵە بەڕێوبەرم، کاری بەڕێوبەری لایەنی باش و خراپی هەیە، لایەنە باشەکەی ئەوەیە هەرچەن لەو پۆستە بمێنیتەوە ئەزمونی زیاتر وەردەگریت، هەروەها گۆرانکاری بەردەوامیش باش نیە لەو پۆستە، چونکە ئەم بە باشی فێرنەبوە کەسێکی دیکە دەهێنیت، ئەگەرچی دەرفەت بە کەسانی تر دەدرێت بێتە بوارەکە".

وتیشی: پێویستە بە بەردەوامی خولی ئیداری هەبێت بۆ بەڕێوبەرەکان بە تایبەت ئەوانەی کە تازە دەبن بە بەڕێوبەر، بۆ ئەوەی روبەروی هەڵەی ئیداری نەبنەوە.

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن نەکردنەوەی خولی بەردەوام گرفتی بۆ دروست کردون، بەتایبەت ئەوانەی کە تازە دەبن بە بەڕێوبەر.

ئەیاد محەمەد ساڵح، پسپۆڕی جوگرافیا و بەڕێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "بۆ ماوەی (٤) ساڵە بەڕێوبەرم، دانانی بەڕێوبەریش بۆ ماوەی چەند ساڵیکی زۆر لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کەم مامۆستا هەیە خۆی ئەدات لەم پۆستە، بەهۆی ئەوەی کاری زۆرە".

وتیشی: نەکردنەوە خول بۆ بەڕێوبەر گرفتە بە تایبەت ئەوانەی کە تازەن، کاتی خۆی من خۆم بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ سەرپەرشتیاران هەبو کە هەر شێک لێم قورس ببوایە ئەوان هاوکارم بون، بەڵام ئێستا جیاواز ترە.

بە هەمان شێوە، شیلان رەحمان قادر، پسپۆڕی وەرزش و بەڕێوبەری ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە کەلار دەڵێت: "کاتێک کە ئیدارە وەردەگری بە خولێک فێری هەمو شت نابیت، چونکە کاری ئیداری بە پێی کارکردن فێردەبیت، دواتر ئەگەر خولیش هەبێت بە هەفتەیەک فێری هیچ نابیت، ئەگەرچی ئەویش وەک پێویست نەماوە ئێستا".

بەشێک لە بەڕێوبەران دان بەوە دەنێن کاری بەڕێوبەری قورسە کەم کەس ئەو پۆستە وەردەگریت و مانەوەش لەو پۆستە لایەنی باش و خراپی هەیە بە هەردو دیوەکە کاریگەری هەیە لەسەر ناوەندەکان.

ئارام محەمەد بابا، پسپۆڕی کوردی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (هەتاو)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "بۆ ماوەی (٧) ساڵە بوم بە بەڕێوبەر و پێشتر کاری یاریدەدەریم نەکردوە و بە تەکلیف ئەو پۆستەم وەرگرتوە، کاری بەڕێوبەریش زۆرە و قورسیشە، هۆکاری مانەوەش لەو پۆستە لایەنی باش و خراپی هەیە، باشیەکەی ئەوەیە شارەزا دەبیت، خراپیەکەشی ئەوەیە کە باش نەبیت و شیاوی ئەوە نەبیت ئەوا مانەوەت کێشەیە".

### ٠٣. بۆچی مامۆستایان پۆستی بەڕێوبەری وەرناگرن؟

بەشێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن بەهۆی ئەوەی مامۆستایان پۆستی بەڕێوبەری وەرناگرن ئەوان ناچارن لەو پۆستە بمێننەوە بە تایبەت لە لادێیکان دا.

وریا ئەحمەد عەزیز، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (رەند ئەلیخان)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "بۆ ماوەی (٦) ساڵە مودیرم، ئێمە وەک بەڕێوبەری ناوەندەکان کارمان زۆر قورسە وەک لە مامۆستایان، چونکە هەمو ئەرکەکان لە سەر ئێمەیە و لە لادێکانیش کەس پۆستی بەڕێوبەری وەرناگرێت، ئەمەش وا دەکات ئەو کەسانەی ئەو پۆستە وەردەگرن زۆر بمێننەوە".

لە بارەی کاریگەرییەکانیەوە دەڵێت: کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر شێوازی ئیدارەدانی ئەو ناوەندە و ئەگەر بەڕێوبەرێک بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە وزەی نامێنێت.

بە هەمان شێوە، مەهدی عەبدولکەریم قادر، پسپۆڕی کوردی و بەڕێوبەری ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان لە سنوری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "بۆ ماوەی (١٠) ساڵە بەڕێوبەرم، بەڕێوبەریش لە ناوەندەکان کارەکانیان دیاری کراوە و تەنانەت وانەشم وتوەتەوە، ئەوەی لە لادێکان دەگوزەرێت ئەوەیە کەم مامۆستا ئەم پۆستە وەردەگرێت، بەهۆی شوێنی جوگرافیەوە، چونکە ناگونجێت".

وتیشی: پێشتر کاری یاریدەدەریم کردوە و لە سەر بنەمای ئەزمون و توانای خۆم بوم بە بەڕێوبەر، هیچ خولێکی ئیداریم نەبینیوە، هەروەها بە هۆی ئەوەی بەشە وانەی کۆمپیوتەرم وەرگرتوە شارەزای باشم هەیە لە کۆمپیوتەر.

### ٠٤. کەمی رێژەی بەڕێوبەری ژن

ئەوەی لە کاری بەڕێوبردنی قوتابخانەکان تێبینی دەکرێت، کەمیی رێژەی بەڕێوبەرانی ژنە، بەشێوەیەک رێژەکە لە نەبون نزیک دەبێتەوە.

بەپێی بەدواداچونی یەکەکەمان، لەنێو ٢٢٥ بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی، تەنها ٢ بەڕێوبەری ژن هەیە، ئەوانیش لە قۆناغی ئامادەیین، ئەم حاڵەتەش لە کفری بەهەمانشێوەیەو بەڕێوبەری ژن نییە.

سەبارەت بەم حاڵەتە، بەڕێوبەری ئامادەیی رەوشتی کچان لەکەلار، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (نەوژین)، ئاماژەی بەوەداوە کە ئەم پۆستە قورسە و بەرپرسیارێتی زۆرە، هەربۆیە ژنان کەمتر وەریدەگرن.

ئەم رایە، سەرپەرشتیارێکی پەروەردەییش جەختی لێدەکاتەوە.

ئەنوەر عەلی ئەحمەد، سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە قۆناغی بنەڕەتی لە سنوری پەروەردەی کەلار، لەوبارەوە دەڵێت: "هۆکاری بەشداری نەکردنی ژنان خۆیانن، چونکە دەترسن لە بەرپرسیارێتی، هەروەها بەهۆی ئیلتیزاماتی تر خۆیان لەو پۆستە نادەن".

بەڵام ئەوەی بەرچاوە تائێستا پەروەردە بۆ راگرتنی جۆرێک لە باڵانسی رەگەزی لەنێو بەڕێوبەرەکان دا، هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە.

## ٥. گرفتی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە دەرەوەی شارەکان

وەرگرتنی پۆستی بەڕێوبەری ناوەندەکان لە لادێیەکان قورسترە ئەویش بە هۆکاری ئەوەی کە مامۆستایان کەمتر ئەو پۆستە وەردەگرن بە هۆکاری ئەوەی گرفتیان بۆ دروست دەبێت لە کاتی گواستنەوەی راژەکەیان ئەمەش وایکردوە بەڕێوبەرەکانی لادێکان زۆرتر لەو پۆستە بمێننەوە.

نورەدین حەمید عەباس، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاوەز)ی بنەڕەتی سەر بە ناحیەی سەرقەڵا لە قەزای کفری، دەڵێت: "من بۆ ماوەی (٥) ساڵە بەڕێوبەرم، ئیشی ئێمە لە ناوەندەکانی خوێندن رێکخستنی ئەو ناوەندەیە لەگەڵ بەڕێوەبردنی هەمو کارەکانی، لەگەڵ ئەوەش بەڕێوبەرێک ئەگەر کارەکانی بە باشی ببات بەڕێوە لەو ناوەندە بمێنێتەوە باشترە، چونکە لە کاری بەڕێوبەری ئەزمون زۆر گرنگە".

وتیشی: کردنەوەی خولی ئیداری دەوری تایبەتی خۆی هەیە، چونکە نوێ ئەبیتەوە، لەگەڵ ئەوەش شارەزاییەکی کەمم هەیە لە کۆمپیوتەر، سەبارەت بەوەشی تاچەند ئاگاداری رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەین، هەفتەی دوجار بۆ رێنماییەکان دەچینە پەروەردە.

بەشێک لە بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی لادێکان گرفتیان زیاترە کە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی تێکەڵ بەیەکن، ئەمەش وایکردوە کەمترین مامۆستا ئەو پۆستە وەربگرێت.

ئەرکان سەڵاح فەخرەدین، پسپۆڕی کوردی و بەڕێوبەری ئامادەی (ئاوە سپی) لە ناحیەی زینانە لە سنوری پەروەردەی کفری، ماوەی (٣) ساڵە بەڕێوبەرە و پێشتریش کاری یاریدەدەریی نەکردوە، دەڵێت: "کارم قورسترە لە ناوەندەکانی دیکە، چونکە بنەڕەتی و ئامادەیی پێکەوەن لە پۆلی (٧ تا ١٢)م هەیە تەنانەت یاریدەدەریشم نیە، لەگەڵ ئەوەش شارەزای باشم هەیە لە کۆمپیوتەر".

وتیشی: بەهۆی ئەوەی بەڕێوبەرە باشەکان دەست خۆشیان لێناکرێت و بەڕێوبەرە خراپەکانیش سزا نادرێن و ناگۆڕدرێن، ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لە ناوەندەکان، لەگەڵ ئەوەش خولی تایبەت بە ئیداری نیە ئەمەش گرفتێکی ترە، ئەگەرچی من چەند جارێک لە رابردودا خولم بینیوە.

گرفتی بون بە بەڕێوبەر لە ناوەندی لادێکان قورسترە وەک لە سەنتەری شار، چونکە کەس ئەو پۆستە وەرناگرێت، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کە هەر بەڕێوبەرێک بۆ ماوەیەکی زۆر لەو پۆستە بمێنێتەوە.

ئەکرەم محەمەد حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مراوە) لە ناحیەی شێخ تەویل دەڵێت: "بون بە بەڕێوبەر لە لادێکان قورسە، چونکە بە ئاسان جێگرەوەی نابێت و کەس نایەتە جێگەت کاتێک ئەتەوێ بگوازیتەوە بەهۆی قورسی کارەکانی، ئەمەش زۆرجار کێشە بۆ ئەو ناوەندە دروست دەکات و دەگاتە پەروەردە ئەویش بە ڕێگەی ئەوەی کێ زۆرترین خزمەتی هەبێت دەیکەن بە بەڕێوبەر".

**٦. ڕای بەڕێوبەری ناوەندەکان لەسەر زۆری مانەوەیان لە پۆستەکانیان**

بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن هەریەکەو بەجۆرێک باس لە مانەوەیان لەو پۆستە دەکەن و دەڵێن: "مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر وا دەکات وزەت نەمێنێت"، بەڵام بەشێکی دیکەیان باس لەوە دەکەن کاری بەڕێوبەری هێندە قورس نیە کە لێی بێزاربیت.

لوقمان ئەحەمەد محەمەد، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بۆ ماوەی (٦) ساڵە مودیرم، ڕاستە زۆرێک لە بەڕێوبەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆرە لەو پۆستەن وا باشترە کەسی گەنجتر بهێنرێتە پێش، چونکە توانا و تاقەی باشتریان هەیە، بۆیە نەگۆڕینیان بۆ ماوەیەکی زۆر گرفت دروست دەکەن".

بەهەمان شێوە، حسێن محەمەد حەسەن، پسپۆڕی کوردی و بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "بۆ ماوەی (٦) ساڵە بەڕێوبەرم، بەم ماوە ماندو بوم لە کاری بەڕێوبەری چ جا ئەوانەی کە (١٥) ساڵ ئەو کارە دەکەن، چ توانایەکیان هەبێت".

بەشێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن ئەوانەی کە دەڵێن بۆچی بۆ ئەو ماوەیە دەمێننەوە لە پۆستی بەڕێوبەری، دەڵێن مامۆستایان با ماوەیەک ئەو پۆستە وەربگرن ئەوکات تێدەگەن کە چەند کێشە و گرفتمان هەیە.

ئەیاد محەمەد سالّح، پسپۆڕی جوگرافیا و بەڕێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "من بۆ ماوەی (٤) ساڵە بەڕێوبەرم، دانانی بەڕێوبەریش بۆ ماوەی چەند ساڵیکی زۆر، لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە، من زۆر جار وتومە مامۆستایان هیچ نەبێت بۆ مانگێک ببن بە بەڕێوبەر ئەو کات لە موعاناتی ئێمە تێدەگەن".

بە پێچەوانەی بەڕێوبەرانی دیکە، هەندێکیان باس لەوە دەکەن پۆستی بەڕێوبەری هێندە قورس نیە نەتوانیت بەڕێوەی بەریت، دواتر مانەوە لەو پۆستە باشترە، چونکە ئەزمونی زیاتر وەردەگریت.

غازی عەلی محەمەد، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (حەپسەخانی نەقیب)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "بۆ ماوەی (٢٠) ساڵە بەڕێوبەرم هەتاوەکو لەو پۆستە بمێنیتەوە باشترە، چونکە ئەزمون پەیدا دەکەی و شتی زیاتر دەبینیت، لەگەڵ ئەوەش رەنگە تاقەی ئەوەت نەمێنێت وەک گەنجێک ئەگینا بەڕێوبەری هێندە قورس نیە".

بە هەمان شێوە، شیلان رەحمان قادر، پسپۆڕی وەرزش و بەڕێوبەری ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە کەلار دەڵێت: "من پێشتر کاری یاریدەدەریم کردوە و دواتر بوم بە بەڕێوبەر وا بۆ ماوەی (١٤) ساڵە بەڕێوبەرم، مانەوەش لەو پۆستە بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەری خۆی هەیە، چونکە رەنگە ئەو تاقەیەت نەمێنێت، بەڵام شتێک هەیە لێرە ئەگەر زو زو ئەو پۆستە بگۆڕدرێت بۆ نمونە (٤) ساڵ جارێک، ئایە ئەزمونێکی نەبێت ئەتوانێت ئیشەکان بکات بە باشی؟".

**٧. مامۆستایان چۆن باس لە توانای بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن دەکەن لە روی ئیدارییەوە؟**

بەڕێوبەری ناوەندەکان لایەنێکی گرنگی پرۆسەی خوێندنن، چونکە شێوازی بەرێوبردنی ناوەندەکان کاریگەری بەسەر مامۆستایان و فێرخوازانیشەوە هەیە و ئەمەش بەو پێیەی توانای بەڕێوبەرەکان دیاریدەکات کە تا چەند ئاستی ناوەندەکەیان بەرەو پێش دەبەن.

کاروان محەمەد حەسەن، مامۆستای پسپۆری جوگرافیا لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "تاوەکو ئێستا لەناو سێکتەری پەروەردەدا پێوەرێکی زانستی نیە بۆ دانانی بەڕێوبەری قوتابخانە و خوێندنگاکان، تەنها پێوەر کاری لەسەر کرابێت ئەوەیە ئەو کەسەی دەبێتە بەڕێوبەر دەبێت (٥) ساڵ خزمەتی لەبواری پەروەردەدا هەبێت ئەوەش تەنها لە ناوەندی قەزای کەلار جێبەجێ کراوە، ئەگینا لە دەرەوەی کەلار مامۆستا هەبوە تەنها دو بۆ سێ ساڵ خزمەتی هەبوە کراوە بە بەڕێوبەر، بۆیە نەبونی پێوەری زانستیش راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ئیدارەدانی خوێندنگا و گرفت بۆ مامۆستایان و خوێندکارانیش دروست دەبێت".

به هەمان شێوە، هەڵکەوت حەمەرەشید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (سەرقەڵای)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری، دەڵێت: "زۆرجار ئەو بەڕێوبەرانەی کە دادەنرێن لە ناوەندەکانی خوێندن ئەزمونێکی ئەوتۆیان نیە لە روی ئیدارەدانەوە، ئەمەش گرفت بۆ ناوەندەکان دروست دەکات و بەردەوام کێشەیان دەبێت".

وتیشی: بەڕێوبەری وا هەیە ناتوانێت شەهادەیەک بنێرێتە پەروەردە و بە هەڵە دەینێرێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو کەسە شیاوی بەڕێوبەری نیە لە ناوەندەکان.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن بەشێک لە بەڕێوبەران توانای ئەوەیان نیە کێشەی خوێندکار لە ناوەندەکان چارە بکەن ئیتر چۆن ئەو ناوەندە بەڕێوەدەبەن؟

مەردان حەمید مەجید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "بەکۆی گشتی بەرێوەبەری باشمان هەیە لە ناوەندەکان، لەگەڵ ئەوەش هەندێکیان لە کاری بەڕێوەبەری نازانن لە روی ئیدارییەوە، تەنانەت ناتوانن کێشەی خوێندکارێک چارەسەر بکەن، ئەمەش بۆ خۆی گرفتە لە ناوەندەکان کە هیچ بەرەوپێش نەچێت".

بە هەمان شێوە، رێکەوت رەئوف حەمەئەمین، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە قوتابخانەی بنەڕەتی(مەریوان) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بەڕێوبەرەکان بەگشتیی باشن هەیانە کارایە و ئیشی خۆی دەزانێت لە روی ئیداریی و مامەڵەکردنی لەگەڵ مامۆستایان و دواتر قوتابیاندا، هەشیانە لاوازە نە ئیدارییە نە مامەڵەکردنیشی باشە لە گەڵ دەوروبەری".

دەشڵێت: لێرەدا ئەو بەڕێوبەرە چۆن کراوە بە بەڕێوبەر ئەوە پرسیارەکەیە، لە کاتێکدا کە پێویستە هەمو کارەکانی خۆی بزانێت بۆ ئەوەی روبەروی تانە لێدان نەبێتەوە.

بەڵام بە پێچەوانەی مامۆستایانی دیکەوە، مامۆستایەک پێی وایە بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن دەتوانن کارە ئیدارییەکانیان بە باشی بەڕێوەبەرن، چونکە ئاسانکاری کراوە بۆیان و زۆربەی کارەکان بە "داتابەیس" دەکەن.

دلێر عەبدولرەحمان محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (ئەڵوەن) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئەگەر قسە لەسەر توانا و شێوازی بەڕێوبەر لە ناوەندەکانی خوێندن بکەین، ئەوە پێموابێت زۆرینەی ئەو کەسانەی بەڕێوبەرن، ئیشوکارە کارگێڕییەکانی خۆیان بەباشی ئەنجامدەدەن، چونکە لە ئێستادا هەمو ئیشوکارەکان ئاسان کراون و لە رێگەی داتابەیسەوە ئەنجامدەدرێن، ئەوەش دەرفەتی هەڵە زۆر کەمدەکاتەوە".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن ئاستی هۆشیاری مامۆستایان خراپە و بەڕێوبەرەکانیش بەدەرنین لەوە، ئەمەش وایکردوە لایەنی پەروەردەی و ئیداری ناوەندەکان خراپ بێت.

سەردار مەلیحە، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە ئامادەیی (شەهید بورهان حەمەی مینا) لە کەلار، دەڵێت: "کێشەی سەرەکی لە بواری پەروەردەدا ئەوە نیە کە ئێمەی مامۆستا ئاستی زانستیمان خراپە، بەڵکو ئاستی هۆشیاریشمان لەوپەڕی وێرانیی دایە، بۆیە بەڕێوەبەرەکانیش بەشێکن لەو دۆخە و بێ خەوش نین لەو وێرانیە، بەڵام بنەمای سەرەکی ئەم سیستەمە خراپە پەراوێزبونی خوێندەواریە کە ئیشی ئێمە ئەبێ وەک مامۆستا پەروەردەو خوێندەواریی بێت".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن بەڕێوەبەرکان تا رادەیەک باشن لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوەی کە گرفتە ئەوەیە کە خولی ئیدارییان بۆ ناکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە توانایان بدەن.

دیار نوری عەزیز، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە قوتابخانەی بنەڕەتی (رەوا) لە قەزای کفری، دەڵێت: "بەڕێوبەرەکان بە گشتی باشن، بۆ ئەوەی باشتریش ببن باشتر وایە بە بەردەوامی خولی ئیدارییان بۆ بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش چاودێری ورد بکرێن لە بونی هەر هەڵەیەک ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی بە باشی کاری ناوەندەکان رای بکەن".

بە هەمانشێوە، فەرهاد ئەبوبەکر حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بەڕێوبەری ناوەندەکان بە گشتی لایەنی باش و خراپیان هەیە، لایەنی باشیان ئەوەیە مامەڵەکردنیان لە گەڵ خوێندکاران و مامۆستایان باشە و کاری باش ئەنجام دەدەن، هەشیانە بە پێچەوانەوە، هەروەها بەڕێوبەری وامان هەیە ئاستیان لاوازە و پێویستە بە بەردەوامی خولی ئیداری هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن پەرە بە توانایان بدەن و هەشیانە باشن، لەگەڵ ئەوەش پێویستە پەروەردە بە بەردەوامی چاوی لە سەریان بێت".

## ٨. رای مامۆستایان لە بارەی مانەوەی بەڕێوبەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر

مامۆستایان باس لەوە دەکەن بەشێکی زۆری بەڕێوبەرەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان لەو پۆستە ماونەتەوە، بۆ نمونە یان تاقەتی وانە وتنەوەیان نەماوە یان بۆ ئەوەی لە دەرەوەی شار بگوازنەوە سەنتەری شار ئەو پۆستە وەردەگرن.

کاروان محەمەد حەسەن، مامۆستای پسپۆڕی جوگرافیا لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "ماوەی مانەوەی بەڕێوبەر دەبێت سنوردار بکرێت، چونکە بەڕێوبەری وامان هەیە لەسنوری پەروەردەی کەلار (١٤)

ساڵە بەڕێوبەرە ئەمەش وا دەکات وردە وردە لایەنی سلبی بەسەر ئەم جۆرە بەڕێوبەرانەدا زاڵ بێت و توانا و تاقەتی بەڕێوەبردنیان نامێنێت".

بە هەمانشێوە، ڕێکەوت ڕەوف حەمە ئەمین، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مەریوان) لە ناحیەی ڕزگاری، دەڵێت: "هۆکاری ئەوەی کە بەڕێوبەر هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بەڕێوبەرە ئەویش ئەوەیە توانا و تاقەی نەماوە بۆ وانە وتنەوە، بۆیە ناگەڕێتەوە و هەر لە پۆستە ئەمێنێتەوە".

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە بە شێوەی خولیی "دوری" بەڕێوبەرەکان بگۆڕدرێن، بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە بە چەق بەستوی نەمێنێتەوە.

دلێر عەبدولڕەحمان محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (ئەڵوەن) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "مانەوەی بەڕێوەبەرێک لە قوتابخانەیەکدا بۆ زیاتر لە ١٠ ساڵ جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، پێویست دەکات بەشێوەیەکی خولیی گۆڕانکاری لە پۆستی بەڕێوبەرەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە بە چەقبەستویی نەمێنێتەوە و ڕۆحیەتی کێبرکێ بۆ باشترین لەنێو مامۆستایان و بەڕێوبەراندا دروست بێت، لەو ڕێگەیەوە پەرە بە کەرتی پەروەردە و فێرکردن بدرێت".

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن و دەڵێن ئەو بەڕێوبەرانەی کە لە ناوەندەکانن چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێت کە ڕۆژێک درک بەوە بکەن و بڕۆن.

سەردار مەلیحە، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە ئامادەیی (شەهید بورهان حەمەی مینا) لە کەلار، دەڵێت: "ئێمە نەک مودیری دە ساڵ، بەڵکو زیاتریش هەن و چاوەڕوانی ئەوەش نیم ڕۆژێک درک بەوە بکەن کە ئیتر پێویستە لێرە بڕۆن و شوێنێک چۆڵ بکەن کە ناتوانن شایستەی بن، بۆیە ئەم هەرەمی نائەخلاقی بەرپرسیاریەتیە لە لوتکە نەوەستاوە و بۆ هەمو کایەکان شۆڕ بوەتەوە و پەروەردەش بەشێکی دانەبڕاوە لەو سیستەمە".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن ئەو کەسانەی کە پۆستی بەڕێوبەری وەردەگرن بۆ بەرژەوەندی خۆیانە و بۆ ئەوەی بگوازنەوە بۆ شارەکان.

ئەکرەم محەمەد حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مراوە) لە ناحیەی شێخ تەویل، دەڵێت: "زۆرجار بۆ بەرژەوەندی خۆیان مامۆستایان دەبن بە بەڕێوبەر، نمونەمان هەیە بۆ ئەوەی بگوازێتەوە شار بوە بە بەڕێوبەر، ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکە ئەوەندە بەرژەوەندی کەسی لە پێشە لایەنی ئیداری گرنگی پێنادرێت".

**٩. چارەسەر چیە بۆ ئەوەی بەڕێوبەران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ناوەندەکان خوێندن بن؟**

ئەو گرفتەی لە دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکان هەیە و مامۆستایان و بەشێک لە بەڕێوبەرەکان باسی دەکەن، پێویستی بە رێکخستنەوەیە. سەبارەت بەوەی چی بکرێت بۆ ئەوەی بەڕێوبەران لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەو پۆستە بن، مامۆستایان دەڵێن پێویستە پێوەر دابنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کات دیاری بکرێت.

کامەران محەمەد حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی جوگرافیا لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "پێویستە هەر پێنج ساڵ جارێک بەڕێوبەرەکان بگۆڕدرێن پاشان یاریدەدەرەکان کە کۆڵەکەی ئیدارەدانی قوتابخانەن و زۆرترین کارەکانی قوتابخانە لە ئەستۆی ئەوانە، دوای هەڵسەنگاندنی کارەکانی ڕابردویان ئەوان بکرێن بە بەڕێوبەر، ئەمە لەلایەک یان ئەکرێت لە نێو ئەنجومەنی قوتابخانە دەنگدان لەسەر دانانی بەڕێوەبەر بکرێت و شتێکی زۆر ئاساییە ئەوە بکرێت باشترە".

بە هەمان شێوە، مەردان حەمید مەجید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "بۆ چارەسەی ئەم گرفتە باشترە هەر چواساڵ جارێک بەڕێوبەرێک دابنرێت، بۆ ئەوەی هەموان ئەو پرۆسەیە ببینن و لەو بوارەدا کار بکەن بۆ ئەوەی بتوانرێت پرۆسەی خوێندن بەرەوپێش ببرێت نەک قۆرخ بکرێت".

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن بۆ ئەوەی لایەنی ئیداری ناوەندەکانی خوێندن باش بێت و کەسی شیاو لەو جێگەیە دابنرێت پێویستە بە یاسا رێکبخرێتەوە.

رێکەوت رەئوف حەمەئەمین، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مەریوان) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "چارەسەری ئەم گرفتە ئاسانە دەتوانرێت بە یاسا رێکبخرێتەوە و پێوەرێک دابنرێت و بە هەڵسەنگاندن ئەو کەسەی گونجاوە بکرێت بە بەڕێوبەر، بەڵام ئەمە نەکراوە و بەبێ پێوەر دانراون ئەمەش وایکردوە نایەکسانی دروست ببێت لە نێوان مامۆستایان، چونکە زۆر مامۆستا هەیە شیاوە بۆ بەڕێوەبەری، بەڵام دا نەنراوە".

بە هەمان شێوە، ئەکرەم محەمەد حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مراوە) لە ناحیەی شێخ تەویل، دەڵێت: "بۆ ئەوەی لایەنی ئیداری ناوەندەکان باش بێت پێویستە کەسێک دابنرێت کە شارەزای باشی هەبێت لە بەڕێوەبردن، هەروها هەڵسەنگاندن هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەکرێن بە بەڕێوبەر و پێویستە بە یاسا ئەمە رێک بخرێتەوە و کاتێک دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەبن بە بەڕێوبەر، بۆ نمونە لە (٤) ساڵ زیاتر نەبێت".

هەندێک لە مامۆستایانیش باس لەوە دەکەن بۆ ئەوەی کەسی شیاو بخرێتە جێگەی شیاو، پێویستە دانانی بەڕێوبەرەکان بە شێوەی سیڤی بێت.

دلێر عەبدولرەحمان محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (ئەڵوەن) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "بۆ دانانی بەڕێوبەر لەناوەندەکانی خوێندن دا باشترە بەشێوەی سیڤی بێت، کێ سیڤییەکەی باشتر و چانسی بون بەبەڕێوبەری زیاتر بێت ئەوە ببێت بە بەڕێوبەر، بۆئەوەی کەسی شیاو بچێتە شوێنی شیاو".

بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن باس لەوە دەکەن بۆ ئەوەی کەسێک زۆر لەو پۆستە نەمێنێتەوە پێویستە بە یاسا ئەوە رێکبخرێتەوە بە شێوازی گرێبەست ئەوە بکرێت.

حسێن محەمەد حەسەن، پسپۆڕی کوردی و بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "گرفتی زۆر مانەوە پێویستە بە یاسا رێکبخرێتەوە، چونکە دەبێت بە ئیجباری و لە رێگەی گرێبەستەوە کاتەکەی دیاری بکرێت لەو رۆژەی کە کاتەکەی تەواو دەبێت وازی لێبێنێت بۆ نمونە (٤) ساڵ جارێک ئەمە بکرێت، نەک هەروا بە هەڕەمەکی دابنرێت".

سەرپەرشتیاری کارگێریش هەمان بۆچونی مامۆستایان و بەڕێوبەرانی هەیە کە پێویستە دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکان بە یاسایەک رێکبخرێنەوە.

ئەنوەر عەلی ئەحمەد، سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە قۆناغی بنەڕەتی لە سنوری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە بونی چارەسەرێک بۆ ئەوەی بەڕێوبەرەکان لە کاتێکی دیاریکراو زیاتر بەڕێوبەر نەبن، دەڵێت: "ئەوە پێویستە بە یاسا رێکبخرێت، بۆ ناوەندەکانی ئێواران ئەو یاسایە دەرچوە و جێبەجێش کراوە، بەڵام من وەک خۆم لەگەڵ ئەوە نیم بۆ نمونە (٤) ساڵ جاریک بەڕێوبەرێک بگۆڕدرێت، چونکە ئەزمونت زیاتر دەبێت، خۆم یانزە ساڵ بەڕێوبەر بوم".

سەبارەت بە چارەسەرکردنی دانانی بەڕێوبەرەکان، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، ئیسماعیل سەمین، دەڵێت" پێویستە وەزارەت ئەوە بکات نەک ئێمە، ئەگەر وەزارەت یاسایەک دەربکات و بە نوسراوی فەرمی داوابکات کە ماوەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆ بەڕێوبەرەکان لە ناوەندەکان ئەوە ئێمەش جێبەجێی دەکەین".

### ۱۰. رۆڵی ئینتیمای حزبی لە دانانی بەڕێوبەرەکان

لەگەڵ باسکردنی دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن، بەشی زۆری مامۆستایان لایەنی حزبی دەکەنە وەڵامی یەکەمیان کە رۆڵی هەیە لە دانانی بەڕێوبەرەکان، دەشڵێن لە بری توانا و لێهاتوی کێ زیاتر حزبیی بێت ئەوە دادەنرێت.

کامەران محەمەد حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی جوگرافیا لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "کاتێک بەڕێوبەرێک دادەنرێت لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوەندە گرنگی بە ئینتیمای سیاسی کەسەکە دەدرێت ئەوەندە گرنگی بە توانا و لێهاتوی و هەڵسوکەوت و سروشت و ئاستی زانستی و مامەڵەکردنی ئەو کەسە لەگەڵ دەوروبەرەکەی نادرێت".

بە هەمان شێوە، هەڵکەوت حەمە رەشید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (سەرقەڵا)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری، دەڵێت: "زۆربەی شتەکانی ئەم وڵاتە حزب دەستی گەیاندوەتێ، هەمو جومگەکانی نەک بە تەنها بەڕێوبەرەکان، بۆیە زۆربەی ئەو بەڕێوبەرانەی کە دانراون لە ناوەندەکان لە سەر ئینتمای هاوڕێیەتی یان حزبی دانراون، کێشەشیان نیە کە کەم ئەزمون بن".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن کەسی وا دانراوە لە ناوەندەکانی خوێندن هیچ لە کاری بەڕێوەبردن نازانن، چونکە دەستی حزبی لە پشتە هەر لە جێگەی خۆی ماوەتەوە.

مەردان حەمید مەجید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "لە ناوەندەکانی خوێندن بەڕێوبەری وا دانراوە هیچ لە کاری بەڕێوبەری نازانێت، چونکە دەستی حزبی لە پشتە و پشتگیری دەکرێت هەر لە جێگەی خۆیان ماونەتەوە، تەنانەت لە ناوەندە گرنگەکان ناکرێت بە بەڕێوبەر ئەگەر حزبی نەبیت".

بە شێک لە مامۆستایان ئەوە دەسەلمێنن کە بە شێکی بەڕێوبەری ناوەندەکان حزبین و دەڵێن لە کاتی ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان ئەوە بە رونی دیار بو.

رێکەوت رەئوف حەمەئەمین، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مەریوان) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئینتیمای حزبی هەیە لە ناوەندەکان ئەمەش بە رونی دیار بو لە ماوەی چوار ساڵی رابردو کە مامۆستایان بایکۆتی ناوەندەکانیان کرد بەشێکیان لەگەڵیان نەبون و هۆکاری سەرەکی بون بۆ پەرتەوازە کردنی ناڕەزایەتیەکان، چونکە حزب دایانی ناوە و هەر کات بیەوێت بە ویستی خۆیان دەیان جوڵێنن، ئەمەش گرفتی دروست کردوە بۆ ناوەندەکان، لەبەر ئەوەی زۆر کەس هەیە شیاوە بۆ بەڕێوبەری، بەڵام دانەنراوە و حزبییەک دانراوە".

"ئینتیمای حزبی هەرچەندە لە ئێستادا کاڵ بوەتەوە، وەلێ هێشتاش حزبی بون بۆ بون بە بەڕێوبەر لە ناوەندەکانی خوێندن بەتایبەت لە شارەکاندا ئەگەر مەرجێکی بنەڕەتی نەبێت ئەوا یەکێکە لە رێگاکانی زوتر گەیشتن بەو پۆستە، بۆیە ئەمەش رۆحیەتی کێبرکێ کردن لە نێو مامۆستایان دەکوژێت". دلێر عەبدولرەحمان محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (ئەڵوەن) لە قەزای کەلار، وا دەڵێت.

سەردار مەلیحە، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە ئامادەیی (شەهید بورهان حەمەی مینا) لە کەلار، دەڵێت: "بنەمای ئیداری لە هەمو ئاستەکان و پێوەرەکان حزبین، لە ئاستی پەروەردە و خوێندنیش دا بەهەمان شێوەن، ئەگەر تۆختر نەبێ کاڵتر نیە، ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن، مامۆستا دەرفەتی بون بە بەڕێوبەری لە دەست دەدات بەهۆی حزبیەوە".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن بەڕێوبەر نقڵ کراوە لە سەر ئینتیمای حزبی هەر چەند خزمەتی کەمیش بوبێت لە لادێکان، ئەمەش یەکێکە لە خواردنی مافی مامۆستای دیکە.

ئەکرەم محەمەد حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مراوە) لە ناحیەی شێخ تەویل، دەڵێت: "ئینتیمای حزبی لە ناوەندەکان بونی هەیە، مامۆستا هەبوە لە سەر حزب نقڵ کراوە چەند لە دوای من هاتوە، بەڵام کراوە بە بەڕێوبەر، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت".

بە هەمانشێوە،هیوا رۆستەم محەمەد، مامۆستا و پسپۆری کوردی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (بەختیاری)ی لە کەلار، دەڵێت: "ئینتیمای حزبی زۆر زۆرە لە ناوەندەکان، ئەوانەشی کە دادەنرێن وەک بەڕێوبەر و یاریدەدەر دەبێت یەکێتی بێت".

جەختلەوەشدەکاتەوە: "خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە داوام کردوە ببم بە یاریدەدەر لە ناوەندەکەی خۆمان، بەڵام بەڕێوبەری پەروەردە پێی وتم کە پسپۆرییەکەت کوردییە بۆیە نەیانکردم، کەسی وامان هەیە سزا دراوە بۆی نیە ببێت بە بەڕێوبەر، بۆیە ئەوەی هەیە لە ناوەندەکان نە ئەکادیمیانەیە نە پەروەردەییە".

بەپێچەوانەی مامۆستایانی دیکە مامۆستایەک پێیوایە ئەگەر بەڕێوبەرێک خۆی بیەوێت نایەڵێت حزب بێتە ناوەندەکەی و پەرە بە کارەکان و توانای خۆی دەدات.

فەرهاد ئەبوبەکر حەسەن، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "حزب نابێتە رێگر ئەگەر بەڕێوبەرێک بیەوێ کارەکانی خۆی بە باشی ئەنجام بدات و پەرە بە توانای خۆی بدات و نەهێڵێت حزب بێتە ناوەندەکەی".

**١١. بۆچونی بەڕێوەبەرەکان لەسەر دەستێوەردانی حزب**

بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن ئەوە رەت دەکەنەوە کە لەسەر بنەمای حزبی دانرابێتن لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵکو جەخت لەوە دەکەنەوە لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوی خۆیان بوە.

نورەدین حەمید عەباس، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاوەن)ی بنەڕەتی سەر بە ناحیەی سەرقەڵا لە قەزای کفری دەڵێت: "کە بوم بە بەڕێوبەر لەسەر ئینتمیای حزبی نەبوم، بەڵکو لەسەر ئەزمونی خۆم بوم، تەنانەت لەو کاتەشەوە کە بوم بە بەڕێوبەر چەندین جار داوام کردوە لەو پۆستە بمبەخشن، بەڵام نەیان کردوە".

بەهەمان شێوە، لوقمان ئەحمەد محەمەد، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "هەرچەند یەکێتیم، بەڵام لەسەر بنەمای حزبی نەبوم بە بەڕێوبەر، بەڵکو بە هەڵبژاردن ئەو پۆستەم وەرگرت و کاری یاریدەدەریم کردوە.

هەندێک لە بەڕێوبەران کە دانراون لە ناوەندەکانی خوێندن هێندە ساڵەکانی خزمەتیان زۆرە جیاوازە لەو دۆخە ئینتیمای حزبیەی کە ئێستا هەیە و رەنگی داوەتەوە لە ناوەندەکان.

غازی عەلی محەمەد، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری قوتابخانەی (حەپسەخانی نەقیب)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "من (٢٠) ساڵە بەڕێوبەرم، کاتێک من دانرام ئینتیمای حزبی نەبوە و لەسەر ئەو بنەمایە نەبوم بە بەڕێوبەر وەک ئێستا".

بەشێک لە بەڕێوبەرانی ناوەندەکان ئەوە رەت دەکەنەوە کە لەسەر ئینتیمای حزبی دانرابێتن، ئەگەرچی چەندین ار دەرفەتیان بۆ رەخساوە لە لایەن حزب، بەڵام نەیان کردوە.

ئەرکان سەڵاح فەخرەدین، پسپۆڕی کوردی و بەڕێوبەری ئامادەی (ئاوە سپی) لە ناحیەی زینانە لە سنوری پەروەردەی کفری، دەڵێت: "من نە حزبیم نە لەسەر بنەمای حزبیش دانراوم، ئەگەرچی چەندینجار هەلی ئەوەیان پێداوم کە بێمەوە سەنتەری شار و بمکەن بە بەڕێوبەر، بەڵام نەمکردوە، لەبەر ئەوەی حزبی نەبم".

بە هەمان شێوە، شیلان رەحمان قادر، پسپۆڕی وەرزش و بەڕێوبەری ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە کەلار دەڵێت: "من کە بوم بە بەڕێوبەر لەسەر ئینتیمای حزبی نەبوم تەنانەت نەشمزانی کە کراوم بە یاریدەدەر، دواتر کەسێک لەسەر ئینتیمای حزبی دانرابێت و هیچ لە ئیدارە نەزانێت بەچی دەچێت، هەروەها ئەگەر وابێت ئەبێت هەمو بەڕێوبەرەکان بۆنمونە یەکێتی بن کە لەسەر حزب دانرابێت، بەڵام خۆی وانیە هەمو حزبەکان هەیە لە ناوەندەکان".

**١٢. بۆچونی لایەنی پەیوەندیدار بە دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکان لەسەر دەستێوەردانی حزبی**

سەرپەرشتیاری کارگێری ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە کە بەڕێوبەران لەسەر ئینتیمای حزبی دانرابێتن و بەڕێوبەری پەروەردەی کفریش بە ئاسایی دەزانێت کە حزب بەڕێوبەرەکان دابنێت.

ئەنوەر عەلی ئەحمەد، سەرپەرشتیاری کارگێڕیی لە قۆناغی بنەڕەتی لە سنوری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "لە سنوری پەروەردەی کەلار چەندەها بەڕێوبەر هەن و دانراون حزبیش نین، تەنانەت ئێمە مەمنونین کە هەندێک خەڵک هەن ببن بە بەڕێوبەر خۆیان نایانەوێت".

بەڕێوبەری پەروەردەی کفری باس لەوە دەکات هەر بەڕێوبەرێک بە توانا و کارگێڕی بێت بۆ ناوەندەکەی، چی تیایە با حزبی بێت.

ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، دەڵێت: "بۆچی پێمان ناخۆش بێت کە بەڕێوبەری ناوەندەکان حزبی بن، خۆ لە هەمو جیهان حزب وڵات بەڕێوە دەبات و نوێنەرەکانی خۆیان لە دام و دەزگاکان دا دەنێن، ئەگەر بە باشی کاری خۆیان بکەن و کەسێکی کارگێڕی بن و دڵسۆزبن بۆ ناوەندەکەیان چی تیایە با حزبی بێت؟ هەروەها ئەوانەشی کە باش نین و ماونەتەوە مەسەلەکە سیستەمی وڵاتەکەیە نەک حزب و پەیوەندی بە سیستەمەی وەزارەتەکەوە هەیە".

بەهەمان شێوە، عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: "ئێمە لەم وڵاتە نامۆ نین لە زاخۆ تا دەگاتە گەرمیان ئینتیمای حزبی هەیە، بەڵام لەوەتەی من هاتوم تاوەکو ئێستا یەک بەڕێوبەرم دانەناوە لەسە یەک لایەن بێت، بەڵگەشم هەیە بەڕێوبەر و یاریدەدەریشم داناوە لایەنی تربوە، گرنگیم بە تەنها لایەنێک نەداوە، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر شتی واش هەبێت خۆ عەیب نیە".

لە بەرامبەریشدا، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دارا ئەحمەد سەمین دەڵێت: "ئینتیمای حزبی ئەگەر بڵێم نیە ئەوە رەنگە زیادەڕۆیم کردبێت، بەڵام بەو شێوەیەش نیە کە مامۆستایان باسی لێوە دەکەن، چونکە هەمو لایەک و حزبێک هەیە لە ناوەندەکان نەک تەنها لایەنێک".

### ١٣. چۆنیەتی بەڕێوبردنی ناوەندەکانی خوێندن لە دیدی شارەزایەکی کارگێڕییەوە

پسپۆڕێکی بواری کارگێڕی باس لەوە دەکات ئیدارە هەم زانستە هەم هونەرە ئەوانەشی کە لە ناوەندەکانی خوێندن پۆستی بەڕێوبەری بەڕێوەدەبەن تەنها شارەزاییان لە هونەرەکەی هەیە نەک زانستەکەی.

د.چیا محەمەد حەسەن، دکتۆرا لە کارگێڕی کار، دەڵێت: "دەتوانین ئیدارە بکەین بە دو بەشەوە: زانست و هونەر، نەک تەنها لە ناوەندەکانی خوێندن کەسی پسپۆڕی ئیدارە دانەنراوە، بەڵکو لە هەمو دامودەزگاکان ئەم گرفتە هەیە و لایەنی کارگێڕی نازانن وەک زانست، دەکرێ هەندێکیشیان کۆمەڵێک پێوەریان بۆ خۆیان دانابێت و بڵێن کەسێکی

سەرکەوتوین، لە کاتێکدا رەنگە نەزانن پێناسەیەکی کارگێرێت بۆ بکەن، بەڵام مومارەسەی ئیدارەش دەکەن وەک کار".

وتیشی: بۆیە ئیدارە لایەنە زانستیەکەی لە چەند بەشێک پێکهاتوە، ئیدارە (پلانە، رێکخستنە، ئاراستەکردن و چاودێریکردنە)، بۆیە ئەوانەی مومارەسەی ئیدارە دەکەن سەرکەوتوبن یان نا ئەمە پێوەر نیە بۆ بوارەکە، ئەمە نەک لە ناوەندەکان، بەڵکو لە هەمو دامودەزگاکان وایە، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکە نەک لایەنی زانستی ئیدارە خۆی.

باسیلەوەشکرد: ئەمە تەنها لە گەرمیان بونی نیە ئەم گرفتە، بەڵکو لە هەمو کوردستان وایە، ئەمەش پەیوەندی بە سیستەمەکەوە هەیە بۆ ناوەندەکان کە پێوەرێک نیە بۆ دانانی بەڕێوبەرەکان، لە کاتێکدا لە وڵاتانی جیهان کە کەسێک دەبێت بە بەڕێوبەر چەندین مانگ مومارەسەی کارگێڕی دەکات دواتر ئەو پۆستە وەردەگرێت.

سەبارەت بە نەکردنەوەی خولی ئیداری بۆ بەڕێوبەری ناوەندەکان، د.چیا محەمەد، وتی: "نەکردنەوەی خول کاریگەری زۆری هەیە، لە وڵاتانی جیهان کاتێک کە خولێک دەکرێتەوە بۆ کەسێک کە بیەوێت ئەو پۆستە وەربگرێت، مانگێک بەس نیە بۆ ئەوە، بەڵکو لە سەروی (١٠) مانگەوەیە و دواتر بڕوانامەی دبلۆم وەردەگرێت لەو بوارە دواتر دەکرێتە بەڕێوبەری ناوەندێک یان دەزگایەک، بۆیە ئەوانەی کە لە کوردستان ئیدارە بەڕێوەدەبەن تەنها لایەنە هونەرییەکەیەتی رەنگە ئەوەش بە باشی بەڕێوە نەبەن و زانستیەکەی نازانن، تەنانەت ئەو خولانەشی کە دەکرێتەوە لە کوردستان و گەرمیان بۆ بەڕێوبەرەکان لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە دەوترێتەوە کە رەنگە خۆشیان لە ئیدارە نەزانن وەک پێویست، بۆیە هەرکاتێکیش کە پەروەردە بیەوێت من هاوکارییان دەبم لە وتنەوەی وانەی خولی کارگێڕی بۆیان".

### ١٤. داتا

بە پێی ئەو بەدواداچونەی کە یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کردویەتی بۆ ناوەندەکانی خوێندن، لە کۆی (١٠) ناوەند و وەرگرتنی زانیاریی لە بەڕێوبەرەکانیان لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لە پەروەردەکانی کەلار و کفری، رێژەی بەشدارییان لە خول و شارەزاییان لە کۆمپیوتەر و کاری یاریدەدەری و پسپۆڕییەکانیان بەم شێوەیەیە:

| بینینی خولی راهێنان | یاریدەدەریی کردوە | چ پسپۆڕییەکن | شارەزای کۆمپیوتەر |
|---|---|---|---|
| %٦٠ | %٥٠ | %١٠٠ وێژەین | %١٠٠ |

مامۆستایانی بابەتە زانستیەکان و مامۆستایانی ئینگلیزی بە پێی رێنمای وەزارەتی پەروەردە بێبەش کراون لە وەرگرتنی پۆستی بەرێوبەری قوتابخانەکان.

شەلال جەبار حەبیب، مامۆستا و پسپۆڕی فیزیا لە ئامادەیی (حەمرین) لە کەلار دەڵێت: "بەشێوەی گشتی دانانی بەڕێوبەرەکان لەم ناوچەیە لەسەر چەند بنەمایەک دادەنرێن، ئەویش پەیوەندی هاورێییەتی (عیلاقاتی شەخسی) و توانستی کەسی کە ئەمەش پێوەرێکی زانستی نیە".

دەشڵێت: "پسپۆڕی بەشە زانستیەکان زۆر کەمن کە دەکرێنە بەڕێوبەر و بێبەشن لەو پۆستە، تەنها چەند کەسێکی کەم نەبێت".

سەبارەت بەوەی هۆکار چیە کە مامۆستایانی پسپۆری بابەتە زانستیەکان ناکرێن بە بەڕێوبەر لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دارا ئەحمەد، دەڵێت: "نەکردنی مامۆستایانی پسپۆری بابەتە زانستیەکان بە بەڕێوبەر لە ناوەندەکانی خوێندن رێنمای وەزارەتی پەروەردەیە کە نابێت بکرێن، بە هۆکاری ئەوەی کە ئەو پسپۆرییانە کەمن، لەگەڵ ئەوەش بابەتی (ئینگلیزیش) بە هەمان شێوەیە".

ساڵانی خزمەتی بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لە کۆی (١٠) بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی کەلار و کفری، بەم شێوەیەیە:

| ١-٥ ساڵ | ٥-١٠ ساڵ | سەروی ١٠ ساڵ |
|---|---|---|
| %٢٠ | %٦٠ | %٢٠ |



## ١٥. رای بەڕێوبەرانی پەروەردە و سەرپەرشتیاران لەسەر هۆکاری مانەوەی بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن بۆ ماوەیەکی زۆر

بەڕێوبەرانی پەروەردە سەبارەت بە دانانی بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن و لە سەر چ بنەما و پێوەرێک دادەنرێن و هۆکارەکانی زۆر مانەوەی بەڕێوبەران لەو پۆستە باس دەکەن، کۆمەڵێک هۆکاریش شرۆڤە دەکەن.

عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "دانانی بەڕێوبەرەکان لە ناوەندەکانی خوێندن لەسەر بنەمای ساڵانی خزمەت و توانا و لێهاتوی کەسەکە لە بوارەکە دایە، لەگەڵ ئەوەی کاری یاریدەدەری کردبێت و لەسەر یاداشتی سەرپەرشتیارەکان ئەو کارە دەکرێت، دەگمەنە کەسێک هەبێت و یەکێک لەو بنەمایانەی نەبێت، ئەمە لە سەنتەری شار وایە، بەڵام لە لادێکان زۆر جار کەس بەڕێوبەری ناکات، بە هۆکاری ئەوەی گرفتی بۆ دروست دەبێت لە گواستنەوەکەی یان نایەوێت ئەو بەرپرسیارێتیە بگرێتە ئەستۆ، ئەمەش وایکردوە بەڕێوبەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەو پۆستە بمێننەوە".

وتیشی: ئێمە و پەروەردەی گەرمیانیش یاداشتمان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کردوە بۆ گۆڕانکاریکردن و زۆر بڕوات هەر بەڕێوبەرێک لە (٨) ساڵ زیاتر کاری بەڕێوبەری پێنەدرێت، هەروەها ئەوانەشی کە هەن هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە و ئەوانەی کە باش نەبون رێنماییان پێداوە بۆ ئەوەی باش ببن، دواتر ئەگەر زانیمان باش نابن ئەوە کۆتا خاڵمان دەرکردنە، لەگەڵ ئەوەش لە بەرنامەماندایە کە خولی کارگێڕی بکەینەوە بۆ بەڕێوبەرەکان.

بە هەمانشێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری دەڵێت: "دانانی بەڕێوبەرەکان لە ناوەندەکانی خوێندن هەندێکجار کۆمەڵێک پێوەری هەیە و هەندێک جاریش هیچ نیە بەتایبەت لە لادێکان، بەڵام لە سەنتەری شار ساڵانی خزمەت و کاری یاریدەدەری و ئەزمونی لە بوارەکە ئەمانە پێوەرن، هەروەها من لەگەل ئەوەم نەک بەڕێوبەری ناوەندەکان بەڵکو تەوای پۆستەکانی تر سەرەتا (٤) ساڵی پێبدرێت و دواتر هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەگەر باش بو (٤) ساڵی تری پێبدرێت و لە دوای ئەوە بە هیچ شێوەیەک ئیتر ئەو پۆستەی پێنەدرێتەوە، بۆ ئەوەی بوار بە هەمو لایەک بدرێت".

وتیشی: هەڵسەنگاندنیش هەیە بۆ بەڕێوبەرەکان، بەڵام نابێتە مایەی گۆڕینیان، ئەوانەشی کە باشن پێویستە سوپاس و پێزانینیان پێشکەش بکرێت و ئەوانەشی خراپن پێویستە بگۆڕدرێن، بەڵام شتی وا ناکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە وەزارەت پلانی هەبێت بۆ گۆڕینی بەڕێوبەرەکان نەک ئێمە.

ئاماژەی بەوەشکرد: من ناتوانم خولی ئیداری بکەمەوە، چونکە پێویستی بە بودجە هەیە.

دانانی بەڕێوبەرەکان لە ناوەندەکانی خوێندن لەسەر یاداشت و داوای سەرپەرشتیاران دەبێت، هەر بەڕێوبەرێک توانای کارگێڕی باش نەبێت ئەوە لە پۆستەکەی دەبەخشرێت.

ئەنوەر عەلی ئەحمەد، سەرپەرشتیاری کارگێڕیی لە قۆناغی بنەڕەتی لە سنوری پەروەردەی کەلار دەڵێت: "دانانی بەڕێوبەر لە سەنتەری شار لەسەر بنەمای (شارەزایی، توانا، ئارەزوی بۆ ئیشەکە و ساڵانی خزمەت) دادەنرێت، بەڵام ئێمە لە لادێکان بە پێچەوانەوەیە و شارەزایی و ئەزمون رەچاو ناکرێت، لەگەڵ ئەوەش ئیدارە هەم زانستە هەم هونەرە تا چەند ئیشی تێدا بکەیت هێشتا هەر پێویستە بەردەوام بیت تێیدا، بۆیە نەگۆڕینی بەڕێوبەرەکانیش کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی کەسەکە دروست دەکات نەک ناوەندەکە، چونکە لە پسپۆڕیەکەی خۆی دور دەکەوێتەوە".

وتیشی: نەکردنەوەی خولی ئیداری کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوەندەکان دروست دەکات، چونکە زو زو یاسا و رێنماییەکانی پەروەردە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەر بەڕێوبەرێک لە کارەکەی باش نەبێت ئێمە وەک سەرپەرشتیاری کارگێڕی هەوڵی باشبونی لەگەڵ دەدەین ئەگەر باش نەبو ئەوا لە کارەکەی دەبەخشرێت، لەگەڵ ئەوەش دانانی هەر بەڕێوبەرێک لەسەر پێشنیاری ئێمە دەبێت دواتر پەروەردە فەرمانی بۆ دەردەکات.

بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارەی زۆرێک لە مامۆستایان و تەنانەت بەشێک لە بەرێوبەرەکانیش دەیکەن کە بەرێوبەرەکان بە بێ پێوەر دادەنرێن و تاکە پێوەری بەهێز حزبی بونە، پاش چەندین پەیوەندی و دانانی کات بۆ وەرگرتنی لێدوان و تەنانەت ئاگادارکردنەوەشی لە لایەن بەرێوبەری پەروەردەی گەرمیانەوە، بەڵام وەهاب ئەحمەد محێدین، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کارگێڕی لە سنوری پەروەردەی گەرمیان، کە لایەنێکی سەرەکیە لە دانانی بەرێوبەری قوتابخانەکان بە تایبەتی قوتابخانە ئامادەییەکان، ئامادە نەبو لێدوان بدات، ئەگەرچی چەندجارێکیش پەیوەندیمان پێوەکرد.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دارا ئەحمەد سەمین، دەڵێت: "گرفتی مانەوەی بەڕێوبەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناوەندی گوندەکانە، چونکە کەم مامۆستا هەیە ئەو پۆستە وەردەگرێت، تەنانەت زۆرجار تەکلیف دەکەین یان کامیان زۆرترین خزمەتی هەبێت دامان ناوە، بەهۆی ئەوەی لە کاتی گواستنەوەیان گرفتیان بۆ دروست دەبێت".

وتیشی: نەک بەڕێوبەری ناوەندەکان، بەڵکو هەمو وەزیفەیەک پێویستی بەوەیە هەیە بەڕێوبەرەکەی دوای ماوەیەک بگۆڕدرێت، تەنانەت داواشمان کردوە لە وەزارەت بە یاداشت و لە کۆبونەوەکانیش باسمان کردوە، چاوەڕوانی رێنماییەکانی وەزارەتین کە دابەزێت و پیادەی بکەین، لەگەڵ ئەوەش بەڕێوبەرمان هەیە گۆڕاوە و کەسی دیکە رۆشتوەتە جێگەی و گۆڕینی بەڕێوبەر بە چەق بەستوی نەماوەتەوە.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

١. پێویستە وەزارەت پێوەرێکی هەبێت بۆ دانانی بەڕێوبەرەکان چ لە رێگەی سیڤیەوە بێت یاخود دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ ئەوەی ئەو پۆستانە یەکلایی بکرێتەوە، نەک بە تەنها لە سەر بنەمای ساڵانی خزمەت یان پێشتر کاری یاریدەدەری کردبێت.

٢. نەبونی هیچ یاسایەک لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ رێکخستنەوەی دانانی بەرێوبەرەکان، بۆشاییەکە لە کاری وەزارەتەکە و پێویستە وەزارەت بە یاسا دانانی بەرێوبەرەکان رێکبخاتەوە هەر لە شێوازی دانانی بەرێوبەرەکان تا کاتی مانەوەیان لەگەڵ پاداشت و سزاکانی.

٣. کردنەوەی خولی کارگێڕیی یەکێکە لە پێویستیەکان و وتنەوەی وانەکانی خولەکەش لە لایەن کەسانی پسپۆڕی یەکێک لە لایەنە گرنگەکانە، بۆ ئەوەی لایەنی زاستی پەرە پێبدرێت، هەر مامۆستایەک کە ئەو پۆستە وەردەگرێت پێویستە پێشتر خولی ئیداری ببینێت و دواتر هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند شیاوە بۆ بەرێوەبردنی ئەو پۆستە.

٤. رێگە نەدرێت ئینتیمای حزبی ببێتە خاڵیک بۆ دانانی بەڕێوبەرەکان لە ناوەندەکانی خوێندن، کە لە لایەن بەشی زۆری مامۆستایانەوە باسی لێوە دەکرێت کە ئەویش لە بەرژەوەندی بەرەوپێشەوەچونی ناوەندەکان و پرۆسەی خوێندن نابێت.

٥. پێویستە هەڵسەنگاندنی بەردەوام هەبێت بۆ بەڕێوبەری ناوەندەکان، لە رێگەی تاقیکردنەوەیان لە بوارەکە ئەو هەڵسەنگاندنە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر ئاستی زانستی لاواز بێت ببەخشرێت لە پۆستەکەی.

٦. نەبونی سزا و پاداشت بۆ بەرێوبەرەکان و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر وایکردوە کەمتر گرنگی بە تواناکانیان بدەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن ناوەندەکەیان پێشبخەن.

٧. وەک تێبینی کراوە، ژمارەی ئەو بەڕێوبەرانەی لە رەگەزی مێینەن زۆر کەم و سنوردارن، ئەمەش لەکاتێکدایە ژمارەی مامۆستایانی ژن کەم نین. بۆ ئەمەش دەبێت پەروەردەکان پلانی تایبەت بگرنەبەر و رێژەی بەڕێوبەری ژن زیاد بکەن.

٨. پێویستە هەوڵبدرێت پلانێک دابنرێت، کە مامۆستا لەکاتی وەرگرتنی پۆستی یاریدەدەری بەڕێوبەرەوە خولی شیاندن و بەهێزکردنی کارگێڕی ببینێت، بۆ ئەوەی پاشخان و زانیاریی لەبارەی بەڕێوبردنەوە زیاد و بەشی پێویست بێت کاتێک پۆستی بەڕێوبەری وەردەگرێت.

٩. پەروەردەکان دەتوانن ساڵانە راپرسیی بکەن لەنێو مامۆستایان و تەنانەت خوێندکارانیش بۆ زانینی ئاست و هەڵسەنگاندنی بەڕێوبەرەکان.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

٢. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە

٣. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org